# ڕاستیی شاراوه

فاتیح چەکـیرگە
و. : بــەکر شوانی

فاتیح چەکیرگە ڕادەگەیەنێ: دامەزراندنی دەوڵەتێکی فیدراڵی کوردی لە باکوری عێراق ئیدی یەکلایی بووەتەوە و بەداخەوە ئەنقەرە لە هیچ قۆناغێکی ئەم پێکهاتنەدا ئامادەبوونی نیە. دوێنێ لە ڕێڕەوەکانی وەزارەتی دەرەوەدا ئەم ڕاستیەم بە هەموو ڕوونی و ئاشکراییەوە بینی و تورکیاش هەموو جۆرە مانۆڕێکی دەستپێشخەری لە دەستداوە و لە هیچ قۆناغێکی ئەم پێکهاتنەدا ئامادە نیە و بیرۆکراتی وەزارەتی دەرەوەش بە تەواوی واتا دۆش داماوە.

دیپلۆماتانی خاوەن ئەزمون بە ڕەسمی بۆیان دەرکەوتووە کە لە چوارچێوەی سەرلەنوێ دارشتنەوە و شێوەپێدانی عێراقدا دەوڵەتێکی فیدراڵی کوردی دێتە دامەزراندن. دوێنێ ئەم ڕاستیە گرانەم بەوپەڕی ڕاشکاوی لە چەند زاریکەوە بیست و ئەگەر لەو ڕوانگەیەوە تەماشا بکرێ، ڕاستیی مەسەلەکە ئەمەیە:

ئەو سیاسەتە بێهودەیەی (دیپلۆماسیی تەمومژاوی) کە تورکیا لە کاتی شەڕی عێراقدا پەیڕەوی کرد، بووە هۆی ئەوەی کە ئەنقەرە بکەوێتە دەرەوەی ئەم مەسەلەیە. چەند داخێکی گرانە کە تورکیا لە یەکێک لە گرنگترین پێشهاتەکانی مێژووی کۆماردا کە بە بەرچاومانەوە ڕوودەدات، قسەی ناڕوات و پڕ بە واتای وشە ترۆ کراوە. ڕاستیی پشت پەردەی ئەم مەسەلەیەش کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ئێمەوە هەیە ئەمەیە:

تورکیا لە سەرەتای شەڕدا ڕایگەیاند کە چەند هێڵێکی سوری سەبارەت بە باکوری عێراق هەیە و ئەم هێڵانەی لەدژی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی دانابوو. حکومەت خەیاڵی وابوو کە ئەمەریکا بەبێ تورکیا ئەم شەڕەی بۆ ناکرێ و لەبەر ئەم هۆیە لە ماوەی بەر لە بەرپابوونی شەڕدا وەکو پێویست پشتیوانی لە ئەمەریکا نەکرد و لە ئاکامیشدا دەبینین کە تورکیا ئەمڕۆ تورهەڵدراوەتە دەرەوەی پرۆسەی سەرلەنوێ بنیادناوەی عێراقەوە. لەوەش خراپتر ئێستا کارێکی گەورە بەڕێوەدەبرێ بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی فیدراڵی کوردی لەسەر ئەو هێڵە سورانەی کە تورکیا بۆ هەموو جیهانی ڕاگەیاندبوو.

لە ڕێڕەوەکانی وەزارەتی دەرەوەدا کەوتمە دووی وەڵامی پرسیاری " ئایا پێویستە تورکیا سیاسەتێکی چۆن لەبەرامبەر ئەم ڕاستیە پەیڕەو بکات؟" لەلایەک ئەو ڕاستیە هەیە کە ئەمەریکا بە تەواوی بڕوای بە تورکیا لەق بووە و لەلایەکی دی دامەزراندنی دەوڵەتێکی فیدراڵی کوردی لە باکوری عێراق لەبەر چاوانە.

دەتوانم لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانمدا لە بارەیەوە لە وەزارەتی دەرەوە، ئەم لێکدانەوانە بخەمە ڕوو:

دامەزراندنی دەوڵەتێکی فیدراڵی کوردی لە باشوری تورکیا و لەژێر کۆنترۆڵی ئەمەریکا و بەریتانیادا ئیدی یەکلایی بووەتەوە، بۆیە تورکیا ناچارە "هێڵە سورەکان" لەبەر چاو بگرێ و لە نزیکترین کاتدا و بە پێی ئەم ڕەوشە سیاسەتێک دەستنیشان بکات کە کاریگەریەکی مێژوویی بەسەر تورکیاوە هەبێت. ئەمەریکا لە دامەزراندنی حکومەتی عێراق و لە پێکهێنانی دەوڵەتی فیدراڵی کوردیدا بە هیچ جۆرێک مافی ڕادەربڕین بە تورکیا بە ڕەوا نابینێ کە ئەمەش لە وەزارەتی دەرەوەی تورکیادا بە جدیترین گرفت دادەنرێ. لێرەدا پرسیارێکی تری تفت هەیە، ئەویش:

ئەگەر حکومەتی نوێی ژێر کۆنترۆڵی ئەمەریکا لە بەغداد بە تورکیا بڵێ: "سەربازەکانتان لە باکوری عێراق بکێشنەوە. ئێمە لێرە ئاسایش دابین دەکەین" چی ڕوودەدات؟ ئەم قسەیە لە ماوەیەکی کورتدا دەکرێ و بە لایەنی کەمەوە وەزارەتی دەرەوە چاوەڕێی دەکات. باشە لە بەرامبەر ئەمەدا چی ئامادەکاریەک هەیە؟ وەڵامی ئەم پرسیارەش هێشتا ڕوون نیە. ئایا تورکیا دەتوانێ لە چوارچێوەی بەرەنگار بوونەوەی ئەمەریکا و بەریتانیادا سوپا بنێرێتە باکوری عێراق؟ بڕیارێکی نەتەوە یەکگرتووەکان لەمبارەیەوە لە

گۆڕێدا نیه و حکومەتی عێراقیش لەدژ دەبێت و بەو جۆرەش تورکیا دەکەوێتە خانەی داگیرکەرەوە. ئێستا با بێینە سەر قۆناغی دوای ئەوە. . . ئاشکرایە پ. ک. ک لە باکوری عێراق نوێنەرایەتی کردۆتەوە. . . واتا پ. ک. ک-کادەک قۆناغی بە سیاسی بوون بە ئەنجام دەگەیەنێ. لە بارێکی وەهادا تەنیا یەک ڕێگا بۆ تورکیا دەمێنێتەوە کە ئەویش ڕێگای گفتوگۆیە. . . واتای ئەمەش وەهایە: تورکیا ئیدی لەژێر ناوی حکومەتی بەغداد دا لەگەڵ دەوڵەتی فیدراڵی کوردیدا پێدەنێتە قۆناغی گفتوگۆ. ئەم قۆناغەش بەدەر نابێت لە پەیوەندی لەگەڵ ئەندامێتی تورکیا لە یەکێتی ئەورووپادا و چارەسەر کردنی پرسی قوبرس. ئەگەر تورکیا سیاسەتێک بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم ڕەوشە بەرهەم نەهێنێ، ئەوا لە ڕەوتی مێژوو دوادەکەوێ. بەڵێ ئەمە تیژترین پرسیاری بەردەم تورکیایە کە لەم کاتەدا هەوڵ دەدرێ لە سەرنجی ڕای گشتی دوور بخرێتەوە، بە دەربڕینێکی تر ئەمە بە واتای دزینەوەیەتی لە ڕای گشتی. من دوێنێ ئەم ڕاستیە شاراوەیەم بەو پەڕی ڕووتوقوتی بینی و ئەم لێکدانەوەیەشم بۆ زیاد کرد:

"هێڵە سورەکان"ی تورکیا چیدی وەکو ڕابردوو کاریگەر نابن. دەوڵەتێکی فیدراڵی کوردی سەر بە حکومەتی بەغداد دادەمەزرێ. ئیدی پێویستە تورکیاش لە ڕوانگەی قەبوڵکردنی ئەم ڕاستیەوە سیاسەتە نوێیەکانی خۆی دابڕێژێ.

---

سەرچاوە: ڕۆژنامەی ستار ٢٠٠٣/٥/٢٤